ئازادی
FREEDOM OF SOCIETY
کۆمەڵگە

ژمارە (٤٨) پاییز (٢٠٢٤)

سیاسیة، اجتماعیة فصلیة

گۆڤارێکی هزری، سیاسی، جڤاکیی، وەرزییە



ڕێزێک بۆ

# دەیڤد گرایبەر



## سیاسەتی میتینگەریی و ژینوسایدی مۆدێرنیتەیی سەرمایەداریی و ئەرکەکانمان

جەمیل بایک



## ستەمکاریی بژاردە

ڕێناتا سالێکڵ




## وانەکانی کۆبانێ

موراد فەرهادپوور - مەنسوور تەیفووری

## کوردەکان: فریشتەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست

سلاڤۆی ژیژەک

## لە دیالێکتیکەوە تا دیالێکتیک

ڕامین گارا

## شاخ و شار: دوو ستایلی ژیان

وەلید عومەر

## واتای ئیمپریالیزم

هاری ماگدۆف

2024

## هیوا لە سەرکەوتن بەهادارترە

گۆڤاری ئازادیی کۆمەڵگە بە ناوەڕۆک و پەیامەکانی ڕاوەستە لـەسەر دەربڕینی ئـەو هیوا نوێیە دەکـات.

گۆڤاری ئازادیی کۆمەڵگە

گۆڤارێکی هزری، سیاسی، جڤاکی، وەرزییە

ژمارە ٤٨ پاییزی ٢٠٢٤




# ڕێزێک بۆ

# دەیڤد گرایبەر

David Graeber

**بەشداران**

جەمیل بایک

وەلید عومەر

مەنسوور تەیفووری

شاهۆ عوسمان

وریا ئەحمەد

فازڵ مەحموود

شێروان ئیبراهیم

عەلی ئەحمەد

سوورێن ئیبراهیم

ئیمان سەلیم

شادیار شۆڕش

مەریوان کاکەیی

هەردی دولبەر

**دیزاین**

گۆران پێنجوێنی

**چاپخانە**

چاپخانەی کارۆ

**تیراژ**

٥٠٠دانە

**نرخ**

٣٠٠٠دینار

**ساڵی چاپ**

پاییزی٢٠٢٤

**ژمارە**

٤٨





**دەستەی نووسەران:**

نەجیبە قەرەداخی

پ.د.سالار باسیرە

https://komelge.com

**خاوەن ئیمتیاز**

د.محەمەد کیانی عەبدولڕەحمان

**سەرنووسەر**

گۆران عەلی

**ڕاوێژکاری یاسایی**

ئەحمەد باجەڵانی

لە سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی
کوردستان بە ژمارە متمانەی
(١١١) ١٦-١١-٢٠١٥ تۆمارکراوە.

azadikomelge@hotmail.com

# پێڕست


سیاسەتی میتینگەریی و ژینوسایدی مۆدێرنیتەیی سەرمایەداریی و ئەرکەکانمان
جەمیل بایك ........................................ ٩

پرسی کورد، تورکیا و قەیرانی دەوڵەت–نەتەوە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست
بنکۆڵکاریی ........................................ ٥١

شاخ و شار: دوو ستایلی ژیان
وەلید عومەر ........................................ ٦٩

کوردەکان؛ فریشتەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست
سلاڤۆی ژیژەك ........................................ ٨١

وانەکانی کۆبانێ
موراد فەرهادپوور – مەنسوور تەیفووری ........................................ ٨٧

کۆلۆنیاڵ و دژماناکانی
شاهۆ عوسمان ........................................ ٩٥

واتای ئیمپریالیزم
هاری ماگدۆف ........................................ ١٠٩

لێکۆڵینەوەی پۆستکۆلۆنیالیزم و ئەدەب
فازڵ مەحموود ........................................ ١٢٥

سوێنکت و تێربوون: بەربەستی بێسنوور
تۆد مەكگوان ........................................ ١٣٢

ستەمکاریی بژاردە
ڕێناتا سالێکڵ ........................................ ١٤٥

لە دیالێکتیکەوە تا دیالێکتیك
ڕامین گارا ........................................ ١٥٧

«داخۆ ئەگەری دیموکراسیی لە سووریا هەیە؟» هەڤاڵەکەم دەیزانی چۆن.
دەیڤد گرایبەر ........................................ ١٨٣

قەرز چییە؟
چاوپێکەوتن لەگەڵ دەیڤید گرەیبەر ........................................ ١٩١

تێزەکانی کەمالیزم
ئیبراهیم کایپاکایا ........................................ ٢١٥


ڕانان بۆ پەرتووکی ‹بەرگرییکردن لە گەلێك›
هەردی دولبەر ........................................ ٢٢٣

REEDOM OF SOCIETY

## لەبری پێشەکی:

«گۆشەگیریی بەردەوامە... ئەگەر هەلومەرج بڕەخسێنرێت، هێزی تیۆری و پراکتیکیی ئەوەم هەیە ئەم دۆخە لە زەمینەی پێکدادان و توندوتیژییەوە بگوازمەوە بۆ زەمینەیەکی یاسایی و سیاسی».

عەبدوڵڵا ئۆجالان
٢٣ی تشرینی یەکەم ٢٠٢٤
گرتووخانەی ئیمراڵی جۆری F



# لە دیالێکتیکەوە تا دیالێکتیک

ڕامین گارا

لە فارسییەوە: سوورێن ئیبراهیم

یەکەم کەڕەت چەمکی دیالێکتیک لەلایەن هیراکلۆتیسەوە بە واتای گۆڕان و بزاوتی نەپساوەی جیهان بەکار هات، بەڵام لە بنەواشەوە کاکڵەوارەی چەمکی دیالێکتیک، بە چەشنێکی سەرسووڕمێن ڕەنگوبۆی لە ئایینی میترایزم[1] و زەردەشتییدا تانوپۆی چنرا، جا دانایانی یۆنانیی هاوسەردەمی فیساگۆرس لە سۆنگەی گەشت بۆ کوردستان و ئێرانی سەردەمی هەخامەنشیی، ئەم هۆشمەندییەیان گلێر کردەوە و بردیانە یۆنان، دیالێکتیکی زەردەشتیی بە شێوەیەکی ئەخلاقیی و زانستیی ملەجەڕێی نێوان دژوازی چاکە و خراپە و تاریکیی و ڕووناکیی و ئاهوورامەزدا و ئەهریمەن دەنوێنێتەوە، ئەمە لە دیالێکتیکی سەردەمی شارستانییەتی ئایۆنیایی پەرەسەندووترە، چونکە لە سەردەمی یۆناندا بە واتای مشتومڕ و گفتوگۆ بووە و نەپەرژابووە سەر مژاری دژەکان، دیالێکتیک بە یۆنانیی بە واتای وتووێژ دێت و لە بنەڕەتدا دەربارەی سرووشتی «لۆژیک»ـە، لۆژیک بە واتای بیرکردنەوەی ڕاست دێت، دیالێکتیک ئەو ڕێبازانەیە وا چەوتییەکان سەڕاست دەکاتەوە و زەمینە و زهنییەتی مرۆیی بۆ دەستڕاگەیشتن بە هەقیقەت فەراهەم دەکات، سوکرات بۆ پێشخستنی وتووێژە فەلسەفییەکانی خۆی، سوودی لێ دیت، بە گشتیی هیگڵ لە «میتۆد و لۆژیک» و ڕامانە فەلسەفییەکانیدا، کە شاپرسەکەی «بوونی دژەکان»ـە، سوودی لە دیالێکتیک دیت، هیگڵ بە پێوەری یاسای دیالێکتیک، سەرپاکی شتەکان بە سنوورمەند و گوزەرا دەبینێت، گوایە دژی خۆیان

١- ئایینی میهر، یەزدانی پەیمانی ئارییاییەکان

هەیە، جا کاتێک دژێک دژێکی تر دەبەزێنێت، گۆڕان دێتە کایە، مارکس و ئەنگڵسیش بۆچوونە فەلسەفییەکانیان لە بن سەرناوی ماتریاڵیزمی دیالێکتیک، بە پێودانگی کۆڵەکەی بابەت و دژەبابەت و تێهەڵکێش (کۆتێز)ـی هیگڵیی بنیاد نا، ملەجەڕێکە لە نێوان لۆژیکی دێرینی ئەرستۆیی و لۆژیکی نوێی هیگڵییدایە، جا ئەمەش لە پێناو دەستڕاگەیشتن و دەستڕانەگەیشتن بە واقع و هەقیقەتی گردەبڕدا. لۆژیکی پێوانەی ئەرستۆ لەسەر کۆڵەکەی بەڵگەی بەردەوام بەندە و هاوکاتێتیی[2] دژەکان پەرچ دەداتەوە، لێ لۆژیکی دیالێکتیکیی ئەمەی پەژراند، لەم دوو جۆرەش بترازێت، لۆژیکیی بەڵگەمەندی ئاماریی و زانستی پراگماتیکی پاش ڕێنسانسیش بیچمیان گرت، لە فرانسیس بیکۆنەوە تا دیکارت و نیوتن، لە فەلسەفەی میکانیکیی[3]ـدا بیرکاریی وەک «زمانی سرووشت» ناودێر کراوە، لەگەڵ لۆژیکی پراگماتیزم، کە یەکەمین ڕێسا بەرژەوەندپەرەستەکانی لەلایەن میکیاڤیلییەوە پاسەدان کرا، بەپێی پەیوەندیی سووژە-ئۆبژە جڤاک و سرووشت بەکار بران.

لۆژیکی ئەرستۆیی موتڵەقگەرایە، لێ لۆژیکی دیالێکتیکیی ڕێژەگەرا، دیالێکتیک توانی یەکێتیی دژەکان بۆ هەڵێنجانی بارگۆڕانی بابەت «تێز» و دژەبابەت «دژەتێز» و تێهەڵکێش «کۆتێز» بەکار بهێنێت، لۆژیکی کلاسیک میتۆدی بیرکردنەوەی موتڵەقگەرا پەیڕەو دەکات، لێ لۆژیکی دیالێکتیکی هیگڵیی بە پێچەوانەوە شێوازی

---

٢- کۆبوونەوەی دژەکان

٣- پێی وایە گەردوون لە وێنەی دەزگایەکی میکانیکی زەبەلاحە و پشت بە هۆ و بەرهۆ دەبەستێت.

بیرکردنـەوەی ڕاسـت پشـتگوێ دەخـات، چونکـە زانیـن بـە ڕێژەیـی دەزانێـت، بۆیـە پێشـڤەچوونێکی وا لـە لـە بەسـتێنی «میتۆد»ـدا هەڵناهێنجێت. دیالێکتیـک ئـەو تێگەشـتنەی فەراهـەم کـرد کـە جووڵـە بـە شـێوەی بازنەیی و خولاوێکی بێهودە نییە، بەڵکوو بۆ پێشـێ ملی پێوە دەنێت، مسـۆگەر کێماسـیی ئـەم ڕوانینـە ئەوەیـە بـزوات بـە تەنێ مارپێچیی بـۆ پێشـێ ڕەچـاو دەکات، لـێ کوانتـەم ئەمـەی سـەرڕاسـت کـردەوە: دەکرێـت بـزاوت بـۆ گشـت لا و ڕەهەنـدەکان بێـت. میتـۆدی هیـگڵ بریتییـە لـە دیالێکتیکی تایبەتمەندیی و جووڵـەی ناوەکیی شـت و زەیـن و سرووشـت و کۆمـەڵ، ڕاسـتییەکەی دیالێکتیک بزوێنـەری گۆڕانـە و بزووتنـی ڕەهەنـدە شـوێنەکیی و کاتەکیـی و واتایـی «زەینیی»ـەکانی لـێ دەکەوێتـەوە.

ئۆجـالان بـۆ ئـەوەی پێڤـاژۆی دیالێکتیـک بخاتـە سـەر ڕاسـتەڕێی خـۆی، سـەرەتا گرنگییەکی باڵکێشـی بـە پێناسـەیەکی ڕاسـتی «میتـۆد و لۆژیـک» دا. چونکـە هیگڵیش بـۆ بەرەوپێشـبردنی میتـۆد و لۆژیـک، سـوودێکی فـرەی لـە دیالێکتیـک بینـی. بـەڵام بەهـۆی داشـکاندنی تـای تـەرازوو بـە لای «ڕێبـازی زانسـتیی»ـدا، نەیتوانـی سـەرپاک خـۆی لـە چێوە و دۆگماکانی لۆژیکی ئایدیاڵیسـتیی ڕاپسـکێنێت. یەکەمین کاری ئۆجـالان ئـەوە بـوو، لـە تێکـڕای مێـژووی مرۆییـدا میتـۆدی بـۆ سـێ جـۆر دەسـەبەش کـرد: میتـۆدی میتۆلۆژیـی و ئایینیـی و زانسـتیی، ئـەو وتـی؛ بـە پێچەوانـەی بانگەشـە زێدەڕۆکانـەوە، میتۆلۆژیـا درۆ و پڕوپـووچ نییـە، بەڵکـوو بـەراورد لەگـەڵ میتـۆدەکانی تـر، هـەم ژینگەپارێـزە و بـەدوورە لـە قەدەرگەراییـی و ناچارەکێتیـی، هەمیـش

بەستێنێکی گونجاوی بۆ ئازادیی تێدایە، ئەمانەشی لێ بترازێت، سەلماندی میتۆدە ئایینیی و زانستییەکان بە خۆیان و ڕوانگە تایبەتەکانیانەوە، هەریەکەیان جۆرێکن لە میتۆلۆژیا، هەروەها پێی لەسەر ئەوە داگرت کە بە ڕەچاوکردنی ئەو وێرانکارییەی کردوویانە، دەستڕاگەیشتنیان بە هەقیقەت زۆر دژوار و نەکردەنیی کردووەتەوە، بە گوزارشتێکی ڕوونتر، گۆشەنیگای ئایینیی و زانستیی ئەو دەوڵەمەندییە مەزنە زهنیی مرۆییەی وا کەڵەکەبووی سەرپاکیی ژیریی بوونەوەرانە، بۆ ئاستی ژیری شیکاریی و ئاماریی کورت کردووەتەوە و لۆژیکی مرۆڤیش بۆ ئاستی ژمێرەک «دەزگای ژمێرەک»ـێک داشکێنراوە. ئۆجالان پێی لە سەر ئەوە داگرت؛ بۆ ئەوەی خۆمان لە دۆگماکان ڕاپسکێنین، دەبێت دەرگا بۆ میتۆدی نوێی واتاناسیی بخەینە سەر پشت. پەرچدانەوەی درکی جیهان لە سۆنگەی ژیریی هەستەکیی نێو جیهانبینیی میتۆلۆژیی و بانگەشەی ڕوانینی دۆگماتیکی ئایینیی-زانسیی ژیریی شیکاریی سەرپاک بە وێرانکەر پێناسە کرد، ئەمە گورزێکی هەناوتەکێنی لە پێڤاژۆی دیالێکتیکی دایکۆتۆمیی[٤] و جووتجەمسەر و دوانەیی پرسەکان و جیهان دا. ئۆجالان ئەم ڕێبازگۆڕکێیەی بۆ تێگەشتنی جیهان بە کۆڵۆنیی زەین ناودێر کرد.

لە بنەوەڕا داشکاندنی تێگەیشتنی جیهان و جڤاک بۆ ئاسۆی میتافیزیکیی لە تێڕوانینی ئایینییدا، بووە هۆی سڕینەوەی دیالێکتیک و بنجکوتانی موتڵەقگەرایی و قەدەرگەرایی و داکشانی گۆڕان و

---

٤- دووجەمسەریی

بزوات. ئایینەکان لە سۆنگەی هەڵکشاندنی گشت شتێک، تەنانەت واتاکانیش بۆ تەشقی ئاسمان و دەسترانەگەیشتن پێیان، توانای تێگەشتنی مرۆڤیان هەڵفریواند. ئەم چەقبەستووییەی ئایین باندۆرێکی باڵکێشی خستە سەر ڕاستینەی جڤاکیی. دیالێکتیک خرایە ژێر چەپۆکی پەیڤی پیرۆز و فەرمانی یەزدان. چونکە دیالێکتیکی شوان-مەڕ پاوەجێ بوو. لە کۆمەڵی ئایینییدا چەقبەستوویی کۆمەڵ و سرووشت وەک ڕێسای بێ حەوت و هەشت و یاسا سەپێنرا. ئەمە تەنانەت سرووشتیشی چەقبەستوو کرد. پەیوەندییەکانی دیالێکتیک لە سەردەمی ئایینییدا سرووشتیی نەبوو، بەڵکوو ناچارەکیی بوو، جەمسەری دۆگماتیزم وەک دژبەری دیالێکتیک هەڵڕەنگا، بارگۆڕانە دیالێکتیکییەکان سرووشتیی نەبوون، بەڵکوو لەلایەن خواوەندێکی گریمانەییەوە دەسەپێنران، ئەمە لە کاتێکدا دیالێکتیک لەم گەردوونەدا لە بەستێنی دیاردە ئۆبژێکتیڤەکاندا بیچم دەگرێت و دیاردە زەینییەکانیش هەڵدەگێڕێتەوە، ئایین بەستێنی ئۆبژێکتیڤی تەواوێک سڕییەوە و جیهانی نموونەیی ئەفلاتۆنیی و پەسڵانیی کرد بە جێگرەوەیەکی گردەبڕ.

تاکە لایەنی باشی ئایین ئەوەیە کە جۆرێک لە ململانێی دیالێکتیکیی دیاردەکانی جیهان؛ بابەتە زەینیی و واتاییەکان دەنوێنێتەوە. ئەم ململانێیەش لە نێوان دوانە دژبەرەکاندایە. بۆ نموونە: ململانێی شەیتان و خوا، چاکە و خراپە، ڕووناکیی و تاریکیی و هتد...، لێ لەبەر ئەوەی ڕوانینیان بۆ ئەم ملەجەڕێیە میتافیزیکیی و تاکڕەهەند بووە، دیالێکتیکێکی ناچارەکیی بووە و

بەرەنجامەکـەی لـە ڕۆژی پەسـڵاندا دێتـە دی، ئایین و فەلسـەفەی یۆنـان میتۆدی دۆگماتیکیـان بـە سـەر میتۆدی دیالێکتیکدا زاڵدەست کـرد. میتۆدی زانسـتییش بـە ڕاهێڵانـی پەیوەندیـی نێوان سـووژە-ئۆبـژە، بانگەشـەی بۆ ململانێیەکی دیالێکتیکیی دەکرد، لەم ململانێیەدا ئـەم دژبـەر و دوانانـە، وەک توانـای سرووشـتیی بـۆ هەڵێنجانـی پێشـکەوتنی بەهادارتـری سرووشـتیی و کۆمەڵایەتیـی هەژمـار نەدەکران، بەڵکوو لـە ئاسۆی هێز و دەسـەڵاتەوە تێیـان هەڵدەڕوانرا، گوایـە سـەرەنجامی ئـەم ململانێیـە گەرەکـە لـە بەرژەوەندیـی هێـزی «سـوبێکت» و بەزینـی «ئۆبێکـت» ببڕێتـەوە، ئـەم بەرەنجامـەش بـە پێودانگـی ململانێـی تێـز و دژەتێـز و کۆتێـزە. بەزاندنـی دەسـەڵاتی موتڵـەق وەک ئامانجـی میتـۆدی زانسـتیی بانگەشـەی بـۆ دەکـرا، ئەمـە کۆڵەکەکانـی زانسـتی پراگماتیـزم دادەڕێژێـت، لـەم گێـژاوەی دیالێکتیکی زەیینیی- زهنییدا، ئەخـلاق و چاکـە هەڵـەوژوور دەبنـەوە و بەرژەوەندیـی جێیـان پـێ لێـژ دەکـەن. لـە سـەرەنیی ئـەم پێڤـاژۆ دیالێکتیکییـە دەسـتکارییکراوەوە، گەشـەی مرۆیـی بـە پێودانگێکـی سرووشـتیی تانوپۆ ناکوتێت، چونکـە تێکڕای بژاردەکان داسـەپێنراو و ناچارەکیین. لەڕادەبـەدەر گرنگیـی بـە ڕامانـی شـیکاریی و زمانـی ئاماریـی دەدرێـت. لـە دیالێکتیکـی ئایینییدا سـۆبژێکتیڤیتە زاڵـە، بەڵام لە دیالێکتیکـی زانسـتییدا ئۆبژێکتیڤیتـەی تەسـکبین. یاسـاکانی دیالێکتیـک تەنیـا بـە ئەندازەگیریـی و پێوانـەی دیـاردەکان دەپێورێـن. جـا ئەمـە گشـت شـتێک پارچـە دەکات و ڕەسـەنێتییەکەی لە ڕەگ هەڵدەکێشـێت. لە سـۆنگەی دیاردەناسـیی ئۆبژێکتیڤیتەوە سـەرمایەگوزاریی لە سـەر مـرۆڤ و سرووشـت دەکرێت. پەیوەندیـی نێوان مـرۆڤ و دیاردەکان

لە ئاییندا میتافیزیکیی و لە میتۆدی زانستییدا میکانیکییە. مۆدێرنیتەی سەرمایەداریی و پۆزەتیڤیزم بەم ئاوایە گەرەکیان بوو دیالێکتیک، کە ڕێکاری گۆڕان و جووڵەیە، بخەنە ژێر چەپۆکی خۆیان. ئایین دیالێکتیکی پەرچ دایەوە و سڕییەوە، بەڵام پۆزەتیڤیزم بۆ یەکەم جار لە مێژوودا بوێریی ئەوەی کرد دیالێکتیکی دەستکرد بەرهەم بهێنێتەوە. لۆژیکیی ڕووداوەکانی دەستکاریی کرد، مرۆڤی نوێ و هاوشاریی نوێ و دەوڵەت-نەتەوەی نوێی مشتومالّ دا و جیاواز لە چەرخی میتۆلۆژیی و ئایین، پێی بۆ کۆمەڵی مرۆیی هەڵهێنا.

لەم بەستێنەدا داهێنانەکانی مۆدێرنیتەی سەرمایەداریی فرە هەڵفریوێنن، لە پەرگاڵی سیستەمی سەرمایەدارییدا ئاشتیی جێی نابێتەوە، بۆچی؟ چونکە ڕێسای تێز و دژەتێز و کۆتێز دەستکاریی کراون و کۆتێز، تەنێ دەسەڵات بەرهەم دەهێنێتەوە. دژەتێز تێز ئاوێتەی خۆی ناکات، بەڵکوو سەرپاک هەڵی دەوەشێنێتەوە، لە ئەگەری ئامێتەبوونیشدا ناسنامەکەی دەسڕێتەوە. «زمانی ئاماریی» و «یاسا و ڕێسای بژاردەیی»، لە ڕێبازی زانستیی سەردەمی سەرمایەدارییدا وەک زمان و میتۆدی سرووشت هەژمار دەکران، ئەمانە گورزێکی گورچکبڕیان لە زهنییەتی تەندرووست و لۆژیکی درکی ڕووداوەکان و جیهان لەلایەن مرۆڤەوە دا. سرووشت و گەردوون بژاردەی سرووشتییان بۆ بارگۆڕان هەیە، سا پێویستیان بە دەستپێچی تایبەت بە مرۆڤ و کۆمەڵگە نییە و جودان. مسۆگەر مرۆڤ تەواو بەدوور نییە لە میتۆدەکانی سرووشت. میتۆد و یاسا مرۆییەکان ناچارەکێتییەکی ڕێژەیی بۆ

مـرۆڤ و کۆمـەڵ دەسـاچێنن، ڕەنگـە مـرۆڤ لـە گـۆڕان و بزوانـی خۆیدا مل بۆ کۆمەڵێک ناچارەکێتیی کەچ بکات کە پشتگوێخستنیان کێشەساز بێت، ژێری هەستەکیی مرۆڤ کۆسپێکی پێکۆڵ ناهێنێتە سـەر ڕێـی گـۆڕان، بـەڵام ژێـری شـیکاریی ئـەم ئـەدگارەی هەیـە. ژێریـی هەسـتەکیی و شـیکاریی تایبەتمەندیـی مرۆییـن و لەگـەڵ ژێریی سرووشت جیاوازن، لەبـەر ئـەم هۆکارانـە ڕێسـا و ڕێبـازی مـرۆڤ کاکڵەیەکی ناچارەکییـان هەیـە و هەندێ کاتیش کێشەسـازن: ١. گرنگیـی بـە مانـەوەی مـرۆڤ دەدات. ٢. بەرژەوەندییـە ماددیـی و مەعنەوییـەکان هەڵـی دەفریوێنـن. ئـەم جووتـە جیاوازیـی سـەرەکیی بەستێنی کۆمەڵایەتیی و بەستێنی سرووشتن. هەردووکیـان ڕیزێـک جەبریـان هەیـە، جـا دەبێت مرۆڤ بوێریـی تێگەشـتن و تێپەڕاندنیانی هەبێت. زاڵبـوون بەسـەر ئـەم دوو خاڵـەدا میتـۆد و یاسـاکانمان لـە جەبر ڕزگار دەکات و دیالێکتیکییان دەکاتەوە. تێگەیشـتنی دۆگماتیزم بۆ مژارەکانی «مانـەوە و بەرژەوەندیـی» یەکلاکەرەوەیـە تـا مـرۆڤ پـێ بـەرەو ئاسـۆ و ڕێـڕەوی دیالێکتیـک هەڵبهێنێـت، لـە سـۆنگەی فەلسـەفەی میکانیکیـی و زمانـی ئامارییـەوە سـەرتاپێ لـە ڕوانینـە جەبرگەراکانمـان دەربازمـان نابێت، تەنـێ لـە ڕێـی دەربازبـوون لـە کۆسـپی ڕێ و ڕێبـازەوە دەکەوینـە سـەر ڕاسـتەڕێی دیالێکتیـک.

### دووانەی میتافیزیک – دیالێکتیک

ئۆجـالان تاکـە بیرمەندێکـە کـە ئـاڵان لـە چێـوە دۆگماتیکـە ئایدۆلۆژییـەکان، بـە تایبـەت دووانـەی «دیالێکتیـک – میتافیزیـک»،

بـە هەڵەیەکـی میتۆدیـی دەزانێت، جـا ئـەو پێـی وایـە ئـەم گرفتارییـە بووەتـە هـۆی کۆیلایەتیـی و بەکاربردنـی مـرۆڤ لەلایـەن سیسـتەمە فەرمانڕەواکانـەوە. ئـەو پـێ لەسـەر ئـەوە دادەگرێـت؛ ئـەم دوالیزمـە زەینـی مـرۆڤ پێبەسـتی خـۆی دەکات، دژایەتیـی ئـەم دوالیزمـە بەبـێ بەرەگیریـی تـەواو، بـە تاکـە ڕێچـارە دەزانێـت.

لـە بنـەوەڕا پێکدادانـی تێگەشـتنی دیالێکتیکیـی و تێگەشـتنیی میتافیزیکیی، دەبێتە هۆی ئەوەی ڕێکاری تەندرووست و سرووشتیی و ئازادانـەی دیالێکتیـک بیچـم نەگرێـت. جووتجەمسـەریی دیالێکتیـک و میتافیزیـک بژاردەی ناچارەکیـی دێنێتـە گـۆڕێ، جەبـر و سـەپاندن شاکۆسـپی بزاوتـی دیالێکتیکی گـۆڕان و پێشـکەوتنە، بمانەوێت یـان نـا ململانێـی جووتجەمسـەرە ئایدۆلۆژییـەکان دەسـەڵات بەرهـەم دەهێنێتـەوە. ئـەم ململانێیـە دوو زهنییەتـی تاکبیـن و تاکڕەهەنـدی سـۆبژێکتیڤ و ئۆبژێکتیـڤ ڕەنگڕێژ دەکات، جـا هەردووکیان لە پێناو بەرژەوەندییـە دەسـەڵاتگەرییەکەی خۆیانـدا ناچـار دەمێنـن ڕێـکاری تێـز و دژەتێـز و کۆتێـز دەسـتکاریی بکـەن، ئەمـەش دیالێکتیـک پـەرچ دەداتـەوە، فیزیـای کوانتـەم سـەلماندی سـەرچاوەی مـادە-وزە، یەکـە. دیالێکتیکـی گـۆڕان و جووڵـە لـەم گەردوونـەدا تەنیـا لـە سـۆنگەی بیرکردنـەوە لـە یەکێـک لـەم دووانـە یـان پەرچدانـەوەی یەکێکیـان و سەرباشـقەیی ئـەوەی تـرەوە، کردەیـی نابێتـەوە. هیچکامیـان هەرگیـز لەنـاو ناچـن، مـرۆڤ لـە وای دووانـەی دیالێکتیـک و میتافیزیکـەوە هەوڵـی دا بـە پشتبەسـتن بـە سـۆبژێکتیڤ یـان ئۆبژێکتیڤـەکان، گـۆڕان بێنێتـە گـۆڕێ، بـەڵام ڕێکارێکـی ئاوا پێچەوانـەی ڕێسـاکانی سرووشـت

و جڤاکە. لەم ڕوانگەوە سرووشت و جڤاک یەکێتیی واتا وێنا دەکەن، ئۆجالان چەمکی میتافیزیکی کلاسیکی گۆڕی و فرە لە دیالێکتیک نزیکی کردەوە، ئەو وەک چۆن مرۆڤ بە کەڵەکەبووی ڕووتی ماددە نازانێت، ئاواش مادە بە دامالڕاو لە هەستی «زیندوویێتیی» نابینێت، ئەم تێگەشتنەی بە چاوگەی میتافیزیک لێک دایەوە کە پەیجووری دۆزینەوەی واتای جیهانە، جا لەم دالانی شەنوکەوەدا دژبەری دیالێکتیک نییە.

دیالێکتیک لۆژیکی مێژوو و کات و بوون و پەرەسەندن و گەشە هاوسەنگ دەکاتەوە، مێژووی ئێستا بەبێ ڕابردوو و ئاییندە نەکردەنییە؛ ڕابردوو ناپووکێتەوە و لە هەورازونشێوی ئێستا و ئاییندەدا واتا دەبەخشێت، پەرەسەندنیش بە شێوەی داروینگەرایی دۆگماتیک پووکانەوەی تەواو بە پێوەر ناگرێت، بەڵکوو لە ئاسۆدا گەشە و فرەیی لێ دەکەوێتەوە، پێشکەوتنیش بە دەساوێژی ئەو سیانە و بەپێی جووڵە بە هەموو ئاستەکاندا ڕەنگڕێژ دەبێت، ناتوانین هەمەچەشنیی و پەرەسەندن و غەریزە و زاوزێ و زۆربوون و توانای تێگەیشتن و پێنجینە هەستی مرۆڤ و ماتەوزەی سرووشت و پێکهاتە زیندووەکەی، هەروەتر مەرگ و ژینی مرۆڤ وەک جیهانێکی سەرسووڕمێن و دواجار کۆمەڵگە؛ بەبێ گەڕانەوە بۆ یاسای دیالێکتیکی ئەرێنیی شیتەڵ بکەین. بۆ شیکاری ئەم بوون و دیاردانە گەرەکە خۆمان لە لۆژیکی پووکانەوە و ناهاوسەنگیی و ناهاوچەشنیی و یەکدەستیی و پەتیگەریی ببوێرین، چونکە ئەمانە دیالێکتیکی بزووتن و فرەیی و بەردەوامیی لە جووڵە و بزاوت

دەخەن. ڕێساکانی بایۆلۆژیای بوون و فیزیای کوانتەم وەک مانگی لای ئێواریێ ئەم بابەتەیان سەلماندووە. دیالێکتیک پێمان دەڵێت؛ تاکە شتێک کە ناگۆڕێت، خودی گۆڕانە. گۆڕانیش لە دالانی کات و شوێندا ڕوو دەدات، ئەمە دیرۆک و ڕابردووش لەخۆ دەگرێت.

لە مێژوودا تەنێ دەزگاکانی هێز و دەسەڵات ڕایەیان کەوتووە سیستەمی دیالێکتیکی مرۆڤ و کۆمەڵ بەپێی پەرەسەندن چەواشە بکەن. پڕوپاگەندەی کۆتایی مێژوو و ئایدۆلۆژیا و سەرکەشییەکانی سەرمایەداریی بۆ وەستاندنی ڕێکاری دیالێکتیکە. ئەمە لە کاتێکدا ئۆجالان واتەنی: ''ڕاستینە کۆمەڵایەتییەکان بنیاد نراون و ڕاستینەی کۆمەڵایەتیی نەگۆڕ و هەمیشەیی لەئارا نییە.''

ڕێبازە ئایدۆلۆژییەکانی ماخۆی ئیدیالی تایبەتن، ئەمەش مسۆگەر لە ڕێکاری دیالێکتیکییدا پشت بە ناسین دەبەستێت. ناسینیش بۆ سەیروورە و پەرەسەندن ڕەهەندێکی گرنگی دیالێکتیکی بوونی مرۆییە. پەرچدانەوەی ناسین، بە بچووکسەیرکردنی زەین و ماتەوزە سەرسووڕهێنە میتافیزیکییەکەیەتی.

## دیالێکتیکی کۆمەڵایەتیی

گەر لە ڕێی یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی مرۆڤەوە پێناسەیەکی نوێ بۆ میتافیزیک بکەین، جا لە بەستێنی ڕووتی ئایین و ئایدیالیزمی موتڵەقگەرایانە و ناچەرەکیی و نەگۆڕ و چارەنووسگەرایی سەرپاکی دیاردەکان دایماڵین و بیگەڕێنینەوە بۆ نێو هەناوی

کۆمـەڵ و زەین-زهنییەتـی مرۆیـی، ئیتـر تـێ دەگەیـن دیالێکتیکـی کۆمەڵایەتیـی ڕێکارێکـی گەشەسـەندووتری بـژاردەی ئـازادی جڤاکیـی، هەڵدەگۆزێـت، جـا ئەویـش بەپێـی بـژاردەی سرووشـتیی لـە سرووشـتدا. لێـرەوەڕا دیالێکتیکـی کۆمەڵایەتیـی دەچێتـە سـەر ڕاسـتەڕێی میتافیزیـک، تەنـێ ئۆجالانـە کـە زۆر هونەرمەندانـە و سەرسـووڕمێن کارێکـی بـەم ڕەنگـەی ئەنجامـی داوە، لـەم سـۆنگەوە مـرۆڤ لـە ئاژەڵێتیـی میکانیکییـەوە وەردەسـووڕێتە سـەر بوونێکـی بیرکـەرەوەی کۆمەڵایەتیـی. جـا توانـای بیرکردنـەوەی خـۆی لـە سـنوورەکانی مـاددە ڕادەپسـکێنێت و پـێ بـەرەو بەسـتێنی وزە، کـە تایبەتمەندییەکـی میتافیزیکیـی هەیـە، هەڵدەهێنێـت. ئـەم میتافیزیکـە تایبەتمەندییەکانی دەگۆڕێن و لە میتافیزیکی کلاسیکیی ئایینیی خۆی هەڵدەبوێرێـت، چونکـە لەمەیانـدا ئـاکار و هونـەر، دوورکەوتنـەوە لـە بیـری میتافیزیکیی، سیاسـەت و کۆمەڵایەتیبوونـەوە و کردەی زەینیی و بابەتـی لـەم چەشـنە تایبەتمەندیی میتافیزیکـی مۆدێرنـن و مرۆڤـی میکانیکیـی کۆیلـە دەکەنـە مرۆڤێکـی ئـازادی جووڵـەزا. لێـرەڕا ئیتـر گـوزارەی «میتافیزیکیـی» واتـای توانـای تێگەشـتنی زەینیـی دەدات کـە بیرکردنـەوە تایبەتمەندییەتـی و ناکەوێتـە دەرەوەی سرووشـت، بەڵکوو دەکەوێتـە ئـەولای مـادەی ڕووتـەوە و پێی بۆ بەسـتێنی وزە هەڵهێنـاوە، کەواتـە دیالێکتیـک تـەواو بۆ بواری سرووشـت پاوان نییە، بەڵکـوو گرێـدراوی بـواری زەیـن و وزەشـە، ئەمـە ئـەو شـتە بـوو هیـگڵ گەرەکیـی بـوو شـرۆڤەیەکی ڕاسـتی بـکات، لـێ ئـەو بەختـەی لـێ هەڵنەکـەوت و ئـەم بەرەنجامـەی هەڵنەگۆسـت. ئـەو دیالێکتیکـە کۆمەڵایەتییـەی وا هیـگڵ خـۆی تانوپـۆی چنـی و نـاوی لـێ نەنـا و

ڕاستەوپاستەی نەکرد، پێش ڕسکاندن و پێناسەکردنی، کردی بە قوربانیی دەوڵەت-نەتەوە، واتە خوای میتافیزیکیی پاشڤەڕۆی سەرمایەداریی، سا بانگەشەی دابەزینی خواوەندی لە شێوەی ناپلیۆندا کرد. ئیتر لە سۆنگەی پێڤاژۆی دەوڵەت-نەتەوەوە دیالێکتیکی نەفی ڕسکاند، ئۆجالان نە ڕێ دەدات مرۆڤ مل بۆ میتافیزیکی کلاسیک کەچ بکات و نە دەشهێڵێت سەرتاپێ لە چەشنە کوانتەمییەکەی بپچڕێت، جا کاتێک دیالێکتیک و میتافیزیکی مۆدێڕن لە خاڵێکدا پێک دەگەن و دیالێکتیک لە قووڵایی میتافیزیکدا پاوەجێ دەبێت، ئیتر هەردووکیان لە یەکڕەنگیی و پچڕان دەرباز دەبن. لە میتافیزیکی کلاسیکدا خودای ڕووت و ئەبستراکت شاتەوەرە، بەڵام لە میتافیزیکی مۆدێڕندا کۆڵەکە سەرەکییەکە مرۆڤی ئازادە، سا میتافیزیک مرۆیی دەبێتەوە، چونکە دیالێکتیکە کۆمەڵایەتییەکەی بە ئامانجی وەرچەرخان بەرەو ئاسۆی «ئازادیی و هەقیقەت» بنیاد نراوە. لۆژیکی دیالێکتیکی کۆمەڵایەتیی پشت بە هونەری ڕاڤە دەبەستێت، ئەلتەرناتیڤێکی چەقبەستوو و نەگۆڕ پێشکەش ناکات، بەڵکوو یەکپشوو ڕاڤە دەکاتەوە و واتای نوێ هەڵدەگۆزێت، واتای کۆن تێهەڵکێشی واتا تازەکان دەکات و واتای نوێی پێ دەئافرێنێت، سەرپاکی ئەم واتا ئاوێتانە زەینی تازەی ئەو مرۆڤە ڕەنگرێژ دەکەن وا لە جەبر و چەقبەستوویی کوشندە دەربازی بووە، ئەم ڕێبازە تێکڕای بوارە ئایدۆلۆژیی و سیاسیی و ئابووریی و فەرهەنگییەکان لە تۆتالیتاریزم و ناچارەکێتیی ڕەها ڕادەپسکێنێت و بزاوتیان تێ دەگەڕێنێت.

## بارگۆڕانی دیاردەکان

دیالێکتیک لە چوارچێوەی «گۆڕان – تەواوکۆیی»، ئەویش لە بەستێنی شوێنکاتدا ڕوو دەدات. لە بوارەکانی «سرووشت – بایۆلۆژیی و جڤاک» و بەپێی ڕێکاری «تێز – دژەتێز – کۆتێز» پێشکەوتنی پێویست دێنێتە گۆڕێ. ئازادیی بەدوور لە کۆسپی «دەسەڵاتگەرێتیی و وێرانکەریی) و بە پێودانگی بژاردەی سرووشتیی بۆ گۆڕان وەدی دێت، ئەمە بەو مەرجەی هیچ کۆسپێک نەیەتە ڕێی «تێز – دژەتێز – کۆتێز»، لە مێژوودا ئەو دەزگایانەی هێز و دەسەڵات وا هەرگیز لە گەردەلوولی گۆڕان دەربازیان نەبووە، بە دەساوێژی هەڵواردەی «خوا – بەندە» و «سوبێکت - ئۆبێکت» و لەمپەرسازیی بۆ ڕێکاری «تێز – دژەتێز – کۆتێز»، دیالێکتیکیان پەلبەست کردووە، جا بەستێنی جڤاکیان دژی دیالێکتیک و گۆڕان هەڵسووڕاندووە. مسۆگەر نابێت لەبیرمان بچێت کە گۆشەنیگای ڕاهیبەکانی دەسەڵاتیش گۆشەنیگایەکی موتڵەقگەرا بووە، ئەویش لەپێناو چنگخستنی هەقیقەتی ڕەها، ئەم چەشنە هەقیقەتە بانگەشەگەرە، لەبەر ئەوەی لە ئارا نییە، دۆگمای نەگۆڕ دەسازێنێت، گەرنا هەموو چەشنە ڕوانگەیەکی مرۆڤ کە بنەڕەت و چاوگەی هەبێت، سەدلەسەد بەدوور نابێت لە دۆگما، کەواتە دۆگماکان وەک جەمسەری دژبەری دیالێکتیک، لە سۆنگەی موتڵەقسازیی لەلایەن مرۆڤ و جڤاکەوە، دیالێکتیک هەڵدەوەشێننەوە، لێ ئەم هەڵوەشاندنەوەیە ئەو دەمە ڕوو دەدات دۆگماکان بە ڕەها و نەگۆڕ وێنا بکرێن، ئەگینا دۆگمای گۆڕاو و تێپەڕێنەر بزوێنەری

ڕێکاری دیالێکتیکن، گەر دۆگمایەک وەک موتڵەق تەماشا بکرێت، ئەوا ڕێکاری تێز و دژەتێز و کۆتێز دەهەڕۆژێنێت و چەقی پێ دەبەستێت، کەواتە دۆگماکانیش لە چەپۆکی ڕێژەگەرایی دەربازیان نابێت، کار- کاردانەوەی دۆگماتیک و دیالێکتیک لە بەستێنی گۆڕانی شایستە و هاوتەرازدا، ئازادیی ڕەنگڕێژ دەکەن، ئۆجالان «بوونی دۆگماکان لە وێنەی هەقیقەتی گردەبڕ و نەگۆڕ»دا پەرچ دەداتەوە.

دۆگما موتڵەقەکان پچڕانی پەیوەندیی سووژە و بزووتنەوە و تەڤگەرەکان و پێشکەوتنی دیالێکتیکیی لێ دەکەوێتەوە. پێشکەوتنی دیالێکتیکیش لە سایەی بارگۆڕانی دیاردەکانی ئەم گەردوونەوە دەرسکێت. ڕاستییەکەی بەبێ بارگۆڕانی دیاردەکانی گەردوون و کۆمەڵ، هیچ گۆڕانێک چێ نابێت، چونکە هەمەچەشنیی و فرەیی لەگۆڕێ نییە تا دژەکان ناچاری کار و کاردانەوە بکات و گۆڕان برەنگێنێت.

ئەو پارچەکردن و هەڵاواردنانەی لە نێوان دووانەکانی وەک ڕۆح-جەستە، میتافیزیک-سرووشت، ئاژەڵ-مرۆڤ، گیاندار-بێگیان و دواجاریش ماددە-وزە هێڵکێش کراون، لە چوارچێوەی سووژە-ئۆبژەدا گورزێکی کوشندەیان لە ڕێکاری دیالێکتیکیی داوە. بێگومان گەر لە کۆمەڵگەدا زێدەڕۆیی لە «گشت-بەش» و «موتڵەق – ڕێژەیی»ـێتیی دیاردەکان بکرێت، ئەوا زێدەڕۆیی گشتگەرا و بەشگەرا، کە یەکەم موتڵەقگەرا دووەم ڕێژەگەرایی زێدەڕۆیە، لە «ڕێ و ڕێباز» بێبەش دەبن. جا لەم پێواژۆیەدا سەرپاکی واتا و دیاردەکان ناچاری نەگۆڕیی و چەقبەستن دەکرێن و دیالێکتیک لەنێو دەچێت، کەواتە کاتێک دیاردە و واتا لە ڕێ و ڕێباز بێبەش

دەبن، ئەوا خۆبەخۆ بە نەگۆڕ هەژمار دەکرێن، سا بابەتی وەک «جووڵە – بەردەوامیی – پێشکەوتن» بە شێوەی «ڕاستەهێڵیی – ڕیزبەندیی»ـی ڕووت فام دەکرێن، فامکردنێکی بەم ڕەنگە تەنێ لە ڕامانی بناژۆخوانەدا وەدی دێت و لەم گەردوونەدا هیچ گۆڕانێک تاکرەهەند و یەک نییە، جا گۆڕان بە شێوەی سووڕی پووچەڵ هەژمار دەکرێت، هەردوو جووڵەکە «جیاوازیی و فرەیی و پێشکەوتن» پووچەڵ و چەواشە دەکەن و یەک ئامانجی ڕووت نیشان دەدەن، ئەمە لە کاتێکدا لە دیالێکتیکدا وێنای یەک ئەزەل یان بە پێچەوانەوە ناکۆتایی «ئەبەد» بۆ مرۆڤ نەکردەنییە. سووڕی پووچەڵیش لە گەردووندا بوونێکی بەردەستەکیی – دەرەکیی نییە.

ئۆجالان پێی وایە ڕاڤەی دیالێکتیک بە شێوەی «یەکێتیی لەناوبەری دژەکان» و باوەڕ بە ڕوودان «بەبێ دژ» و «هەڵتۆقان و لەدایکبوونی کتوپڕ» هەڵەیەکی میتۆدییە. ئۆجالان ڕوانگەی یەکەم بە سادەترین ڕوانگە دەزانێت، کە گەردوون «بێیاسا» دەڕەنگێنێت و «گێژاوی بەردەوام»ـی لێ دەکەوێتەوە، جا ئەو بۆچوونەی دژەکان بەرچ دەداتەوە، تەگەرە دەخاتە بەر جووڵەی خۆڕسکی دیاردەکان. بە گوزارشتێکی تر گوایە دەبێت پاڵهێزی دەرەکیی وەجووڵەی بخات و ئۆجالان واتەنی «خۆڕسک» نەبن. بیری «یەکێتیی لەناوبەری دژەکان» بە درێژایی مێژووی شارستانییەت دەسەڵات و ستەم و جەنگ و کۆمەڵکوژیی و وێرانکاریی ڕسکاندووە. لە چەرخی مۆدێرنیتەی سەرمایەدارییدا ڕۆڵی ئەقڵگەرایی و زانستگەرایی لەم بوارەدا فرە باڵکێشن. وەک

لـە میـژووی میتۆلۆژیـا و ئاییـن و فەلسـەفەدا دەبینرێتـەوە، ڕامـان و کـردەی بـەدەر لـە ڕێـکاری دیالێکتیکیـی، میتافیزیکـی پەتـی لـێ دەکەوێتـەوە، چونکـە بەسـتێنی دەرەکیی واتـە گـەردوون و جیهانـی هەڵۆڵی دەرەسرووشـت. ئۆجالان چوارچێوەیەکی ئاوا بە بێسـودترین ڕوانگـە دەزانێـت کـە بـە «کۆلۆنیـی زەینیـی» کۆتایـی دێـت.

## ململانێی کۆن و نوێ

پێڕێـک لـە ڕۆشـنبیران بانگەشـەی ئـەوە دەکـەن گوایـە مۆدێرنیتـە بریتییـە لـە جەنگـی دیـاردە «تـازەکان» لەگـەڵ دیـاردە و بیـرە «کـۆن» و «کلاسیک»ـەکان، ئـەم زەینییەتـە تەسـکبین و وڕێنەبـازە کارێکـی کـردووە، هەمیشـە هـەوڵ بدرێت کۆریانێکی ڕیشـاژۆ لـە نێـوان چەرخـی کـۆن و نوێدا بسـازێنرێت، ئەویش لـە ژێر نـاوی ڕێنیسـانس. دەتوانیـن بێژیـن ئەمـە گەورەتریـن هەڵـەی هەنـگاوی یەکەمـی ڕێنیسانسـە. هـەر لـەو سـەرەتایەوە ململانێـی نێـوان کـۆن و نـوێ بـووە زهنییەتێکـی دژ و نادیالێکتیکیی. کاتێـک ئـەم بیـرە مـۆری خـۆی لـە سـەدەکانی چـواردە و پانـزە دا، گشـت دیـاردە کـۆن و پاشـڤەڕۆکانی بـە نـاوی میتافیزیـک و میتۆلۆژیـی و ئایینـەوە وەک کاکڵەیەکـی دێریـن و دژەتازەگەریـی ناودێر کـرد. پێناسـەیەکی هەڵـەی تـری ڕێنیسـانس هەیە، دەتوانیـن بـە دووەمین هەنگاوی هەڵـە چـاوی لێ بکەین، گوایە گشـت پاشـڤەڕۆییەکان بـۆ مەسـیحییەت دەگەڕێنـەوە. جـا واتـای فەرهەنگیـی دێریـن و زینـدوو بـە نامەسـیحیی و یۆنانیی-ڕۆمیـی دەزانـن. ئـەم ڕوانگـە موتڵەقگـەرا مرۆییـەی وا سـەرپاکیی کۆنەپەرەسـتییەکانی دەخسـتە مل مەسـیحییەت

و گوایە پێش مەسیح، یۆنان-ڕۆم لەوە هەڵبواردەن، دیالێکتیک وەک بزواتێکی پلەڕیز و ڕاستەهێڵیی تەماشا دەکات. ئەمە جگە لەوەی کاکڵەی زەینیی ئەم ڕوانین و لۆژیکە پێوانەییە، لە ڕامانی ئەفلاتۆن و ئەرستۆوە چاوگە دەگرێت، جا تا ئەمرۆ بەردەوامە و گرێدراوی چەرخی مۆدێرنیزمە. بەڵام ئەم ڕامانەی لێ بترازێ، ڕامانی تریش هەن کە بۆ پۆست مۆدێرنیزم دەگەڕێنەوە، ئەمە لە نیچەوە پزیسکە دەسەنێت و چڵەپۆپەی ئەم بیرەش لە بۆچوونەکانی ئەودا هەڵڕەنگاوترە تا بیرمەندانی تر. فەلسەفەی پۆستمۆدێرنیزم واتا فەرهەنگییە زیندووەکانی سەردەمی پێش فەلسەفەی یۆنان – ڕۆم بە ڕەسەنتر دەزانن. ئەم بیرمەندانە فەلسەفەی ئەفلاتۆن و ئەڕستۆ بە وێرانکەرترین پاڵنەری ژینی مرۆیی لەپێناسە دەدەن. نیچە بیری سوکرات تا مۆدێرنیزم بە وێرانکەر و تراژیدیی دەناسێنێت و بە توندیی بە گژیا دەچێت. ئەو دەڵێت؛ خوداکانی سوکرات، خوای شەراب و مەستیی ژیانی مرۆڤیان لەپێ خستووە و ئەم پێودانگەی ئەقڵگەرایی پەرستنی ئاپۆلۆن و دینۆسۆس بە دەستپێکێکی مەرگباری ژینی مرۆیی دەزانێت، چونکە پێی وایە ئەوان جیهانیان بەپێی دۆگما و دەمارگیریی و ئەقڵ داڕێژاوەتەوە و خۆشییەکانی چەرخی مەستەنۆشیی و شەرابیان بڕاندووەتەوە. یەکێک لە شاکۆڵەکە و ڕێسا گردەبڕەکانی پۆستمۆدێرنەکان گەڕانەوەیە بۆ پێشمۆدێرن و سەردەمانی کەونار، سادەیی و دواکەوتوویی و عەیشونۆشی ژیان ئەوێ دەم لە بری ئەقڵپەسەندیی و دۆگماتیکی سەردەمی فەلسەفەی یۆنان و مۆدێرنیزم هەڵدەبژێرن. تەنانەت یەکێک لەو پاڵنەرانەی بووەتە هۆی درووستبوونی دووانەی میتافیزیک-پۆزەتیڤیزم، هەر ئەم بژاردە

ڕەهـا و گردەبڕانـەی جیهانـی وشـکەبیریی ئەوانـە. لـێ لـە سـەردەمی مۆدێرنیزمـدا خـودی پرۆتسـتانیزم ڕابوونێکـە دژی ئـەم ئەقڵگەراییـە پەتییـەی سـەدەی شـانزە. دژایەتیی ئایین و کڵێسـا بەبێ ڕەچاوکردنی ڕۆڵـی سـەرمایە و دەوڵـەت وەک شـاپاڵنەری ڕەنگڕێژبوونـی پـەرگاڵ و سیسـتەمی سـەردەم، گەورەتریـن لادانـی پێشـاژۆی مۆدێرنیتەیـە.

خاڵـە گرنگەکـە ئەوەیـە بـە پێودانگـی دیالێکتیکـی جیهانـی زینـدوو، گەمـەی چەمکەکانـی کۆن و نوێ، ئەویش بەپێی زهنییەتی تورهەڵدانی کـۆن و پەسـەندکردنی نـوێ وەک هەبوویەکـی جێگـرەوەی ڕەهـا، زهنییەتێکـی دەسـەڵاتگەرە. لـەم زهنییـەت و لۆژیکـەدا دژەبابـەت تێکڕا بابـەت دەسـڕێتەوە و تێهەڵکێـش دەڕسـکێت، ئەمـە سـەرپاکی فکـری لـە خـۆی هەڵژەنـد، تەنانـەت هـەردوو نموونـەی هیـگڵ و مارکسـیش، هەرچەندێـک دوو چەشـنە دیالێکتیکـی پێچەوانـەی یەکتریـن، بـەڵام ملیـان بۆ ئـەم زهنییەتـە خەواندووە، یەکەمیـان هەرچەند لەناوچوونی بابـەت ناپەژرێنێـت، و پاشـماوەی ڕۆڵەکـەی لـە دژەتێـز و کۆتێـزدا دەبینێتـەوە، بـەڵام زۆرانبازیـی و جیاوازیـی کـۆن و نـوێ لـە پێناسـی دەوڵەتـدا وەک پاڵتـۆی دەسـەڵات، دووچـاری چەوتییەکـی هەناوتەکێن دەکات، بـەم چەشـنە دیالێکتیکی هیگڵ ڕادەسـتبوونی پەتییـە بەرانبـەر دەوڵـەت-نەتـەوە. ڕاسـتییەکەی کـۆن و نـوێ ڕووبـەڕووی یـەک دەبنـەوە و تەریبـی یـەک ڕێ ناپێـون، بـەم چەشـنە گـورز لـە جەسـتەی بابـەت و دژەبابـەت و کۆبابـەت دەدات. دووەمیـش ململانێـی کـۆن و نـوێ، ئەویـش لـە چوارچێوەی ڕەتدانـەوەی کـۆن و ڕسـکانی نوێدایـە، دەرکەوتنـی دیکتاتۆرییەتـی پرۆلیتاریـا بەرانبـەر بۆرژوازیـی، لۆژیکـی

دیالێکتیکی نەفی مارکس پێک دێنیت، لەمەڕ «دیالێکتیکی نەفیی»ـی تەنیا دەتوانین باسی فەیلەسووفانی سەدەی چواردە تا بیستویەک بکەین، هەر ئەو چەمکەی تیۆر ئادۆرنۆ بەکاری دەهێنێت. ئەمە لە کاتێکدا لەم گەردوونەدا تەنێ یەک چەشن دیالێکتیک وا لە گۆڕێ، ئەویش بریتییە لە ڕێکاری بابەت و دژەبابەت و کۆبابەت. جا دەستنیشاکردنی بە ئەرێ و نەرێ لە بەستێنی گەردوون و گێتییدا؛ کارێکی چەوتە. ئەم پۆلێنە لە چەمکسازیی و گەمەی زمانەوانیی کۆمەڵناسیی مۆدێرنیتەی سەرمایەدارییەوە چاوگە دەگرێت. یەکێتیی دژی دیاردەکان وەک دوو جەمسەری بزوێنەر، بە واتای داسەپاندنی نەفی هەڵوەشێنەرەوە و ئەرێگەرایی پەتیی، جوودا نین لێکتر. تەنانەت هیچ دیالێکتیکێکی گەردوونیی لە گۆڕێ نییە لە دەرەوەی کات و شوێن بێت، جا ناتوانین لە چێوەی شوێن و کاتیشدا کۆن بە پاشڤەڕۆی ڕەها و تازە و نوێ سەرپاک بە پێشکەوتوو بزانین.

تا هەنووکە پێناسی دیالێکتیک لە فەلسەفەی بووندا یەخەگیری ئەم جۆرە قەیرانە واتاییەیە. دیالێکتیکی بوون و دیاردەکان لە ململانێی نێوان بەشی پێشوو و بەشی تازەدا، جا لە چێوەی گشتدا بێت یان بەش، کۆنێتیی ڕەچاو ناکات، لە بابەتی زماندا دەتوانین وەک دوو تایبەتمەندیی بیر لە کۆن و نوێ بکەینەوە. لێ لە بنەوەڕا لە مادده و واتای گەردوونییدا کۆن و نوێ لە گۆڕێ نین، مادده ماددەیە و وزەش وزە. بەدەر لە زەینی مرۆیی و بەپێی کارلێکی مادده و پێکهاتەی گونجاو لۆژیکی کۆن و نوێ وەک دوو تایبەتمەندیی ڕەچاو دەکات. جا نەخوازەڵا ئەم بابەتە میتافیزیکی دیاردە و واتاکان

بێت. میتافیزیک تەنیا گرێدراوی بواری واتای کۆمەڵناسیی مرۆییە. لە ماددەی گەردوونیی و واتای کۆسمۆسدا پۆلێنی میتافیزیکیی و فیزیکیی لە ئارا نییە. چونکە سەرباری هەمەچەشنیی مادە و وزە، بەڵام هۆشی گەردوونیی پۆلێنێکی لەم ڕەنگەی نییە. مێشکی مرۆڤ بالاترین مادەیە کە بەر مرۆڤ کەوتووە، سەرپاکی چەمک و واتاکان، جا چ دەرهەست و چ بەرهەست، لە دوو پێکهاتەی بنەڕەتیی گەردوون. واتە «ماددە و وزە» پێک هاتوون. کاتێک مادە و وزە دەبن بە بەشێک لە مێشکی مرۆڤ و پێ بۆ گۆڕەپانی کۆمەڵناسیی هەڵدەهێنن، ئەوا بزاوتەکەی زۆر ڕەوان دادەگەڕێت، چونکە ئەوە تەنیا مرۆڤە ئاسان دەتوانێت ئەمە بۆ دوو دەستەی میتافیزیک – فیزیک، مادیی – مەعنەویی؛ دەرهەست  بەرهەست؛ کۆن – نوێ، تازە و کۆن و هەزاران دەستەواژەی زمانەوانیی – واتایی پۆلێن و دەسەبەش بکات. کەواتە، مرۆڤ چۆناهیی شرۆڤەی دیالێکتیک دەکات. شرۆڤە نەختوپوخت تایبەتە بە مرۆڤ. جا «چاک و چەوت» دووانن لە تایبەتمەندییەکانی. لە ڕێکاری دیالێکتیکی گەردوونییدا «چاک و چەوت» واتایان نییە. لێ مرۆڤ لە شیکارییەکانی خۆیدا ناتوانێت بەبێ ئەم پۆلێنانە بیر بکاتەوە. کەواتە گرنگ ئەوە نییە کە پۆلێنبەندیی ڕێگەپێدراوە یان نا؟! گرنگ ئەوەیە پارادایمی شرۆڤەی دیاردەکان چۆن بن.

لە سەرەتای مێژووی مرۆڤایەتییەوە ئێمە چەندین چەشنی دیالێکتیک دەبینین، هەریەکەیان شرۆڤەیەکی جیاوازن، ڕایەمان دەکەوێت بە پارادایم و ڕێڕەوی ستراتیژیی ناودێریان بکەین. ئەم ڕێڕەوانە بۆ سەردەمی فەلسەفە و وڵاتی یۆنان پاوان نین. هەر

شرۆڤەیەک جیهانبینییەکە و لە بەرەتای ڕسکانی مرۆڤەوە چەندین شێوەی لێ ڕەنگاوە، هەر شرۆڤەیەکیان فەلسەفەیەکی بوونناسییە، هەڵکشانی هۆش «بیر» و زمان «ئاماژە و هێمایی» لە پێشکەوتن و دەرکەوتنی هەموو شرۆڤەکاندا لە وێنەی ڕێڕەوێک بەشدار بووە و دەبێت. مێشک و زمان دوو دەزگای هۆشمەند و بزوێنەرن. مادده و وزە وەک دووانەیەکی ئەبستراکت-بابەتیی تەواوکەری یەکترن. لەگەڵ بیرکردنەوەی مرۆڤ لەمەڕ دیاردەکان، چەندین جۆر دیالێکتیکیش ڕەنگرێژ بوون، بەڵام ئەمە بە گشتیی لە بواری کۆمەڵناسییدا بیچم دەگرێت. هەر لە سەرەتای چێوەگرتنی DNA ـەوە ئەم توانای بیرکردنەوە و قسەکەرییە لە مرۆڤدا داشاراوە، «توانای جەستەیی» یەکەمین و سەرەتاییترین پێڤاژۆی گەشەی سەرەتایی چەمکی دیالێکتیکی واتایی و مەعریفییە. بەڵام سەردەمی زێڕینی کۆمەڵناسیی دیالێکتیک لەگەڵ قۆناغی زمانی هێماییدا پێڕەوکە بووە. لەم قۆناغەوە تا کۆتایی سەردەمی نیولۆتیک[٥] و پێشکەوتنی زمانی هێمایی و هۆشی ئەناڵەتیک، قۆناغێکی بنەڕەتیی وا لە گۆڕێ، ئەمە درێژترین ماوەی ستراتیژییە لە ڕووی زمانەوانییەوە. هەردوو زمانی ئاماژە و هێمایی، تانوپۆی چەمکی سەرەتایی دیالێکتیکیان لە چێوەی مەعریفەی میتۆلۆژییدا چنی و شرۆڤەی گەردوونیان مشتوماڵ دا. ئەم شرۆڤەیە لە پڕوپاڵانتە و گێژاویی سەردەمی شارستانییەت بەدوورە. کۆڵەکەی ئەم سەردەمە زمان و هۆشی شیکارییە، لێ لە سۆنگەی کەسێتییەکی

٥- سەردەمی بەردینی نوێ

تایبەتی ئاوێزان بە سرووشت. زمان و هۆشی شیکاریی مرۆڤ وەک گیاندار لە سرووشت دەنۆڕێت و واتای لێ هەڵدەهێنجێت، سەردەمی خواوەندی دایک و تا سنوورێکیش فەلسەفەی سرووشتیی یۆنان، دەچنە چوارچێوەی ئەم ڕوانینە کردەییەوە، هەرچەندە ئایینە یەکتاپەرەستەکان و فەلسەفەی سرووشتیی سەردەمی یۆنان دوو دیاردە و نێواخنی تایبەت و جیاواز بوون لە نیۆلۆتیک. لێ تا سنوورێکی باڵکێشیش ڕەنگوبۆی سەردەمی پێش خۆیان وا بەسەرەوە. چونکە زۆر پێی کاریگەرن و هێشتاش بە تەواویی پێیان بۆ چاڵی گێژاوی شارستانییەت هەڵنەخزاوە، هیچ چەمک و دەستەواژە و بێژەیەکی دژسرووشت لە چەرخی نیۆلۆتیکدا چی نەبووە، ئەمەش مرۆڤی لەگەڵ سرووشت کردووە بە یەک. ئەمە سەردەمێکە هێشتان تێگەشتن بۆ ئاسمان هەڵنەکشێنراوە. هێشتا چاوی پێکۆڵ بە زەوییەوە هەڵدووراوە، مرۆڤ دژ و ناودژ و کۆسپەکان لە واتا و ماددەدا دەبینێت و تێکڕا گوڵی پرسیاری لا شین دەکەن. بەڵام هەموو کۆششی ئەوەیە ئەمانە وەک ڕیزێک دیاردە ڕاڤە نەکات گوایە ئەو لە سرووشت هەڵدەبڕن و سرووشت وەک دڕندە پێناس دەکەن. ئەوان پێیان وایە دژەکان دەساوێژێکی گرنگی بەردەوامیی و بزاوتی بوونن. بە پێچەوانەی چەرخی دۆگماتیکی یۆنانییەوە بوون بە یەک و تاک نابیین. مەعریفەی دیالێکتیکی ئەوان بۆ هەستی دەسەڵاتخوازانە و دەسەڵاتگەرانەی بوونی مرۆیی و کۆمەڵایەتیی پاڵ نانێت. فرەترین کەڵکەڵەی یەکتایی و و دەسەڵاتخوازیی لە سەردەمی یۆناندا ڕسکا، ئەمەش لە دژبەریی زایەندیی نێوان ژن و پیاودا وەک مانگی

لای ئێواریٚ ڕوونە. لە سەردەمی شارستانییەتدا ئەقڵگەرایی زۆر هەڵکشاوتر بوو لە ژێریی سۆزەکیی چەرخی نیۆلەتیک. دەی بۆچی تا ئەم ئاستە تێگەشتنی دیالێکتیکیی بەرەو تێگەشتنی نەفی و دەسەڵات، واتە لەناوچوونی یەکێک و هەڵڕەنگانی ئەوی تر هەڵکشا؟ چونکە لە سەردەمی ئایین و فەلسەفەدا سەرپاکی تێگەشتنیان ناچار بە هەڵبژاردنی یەک بژاردە لە نێو تێکڕای دیاردەکاندا کرد. سەرەتا لە نێوان ژن و پیاودا، تاکە زاڵدەستی پیاو سەپێنرا. دەسەڵات و فەڕی پاشایەتیی بە سەر دیموکراسییدا زاڵدەست بوو. لە فەلسەفە و جیهانبینیی جڤاکدا، یەکێتیی بوون بوو بە تاکە کەڵکەڵە و خواستی کۆمەڵ. «یەکێتیی بوون» وەک شاچەمک بەسەر زەیندا سەپێنرا. لە یەکێتیی بوونی ئیدیاڵیستییدا سەرپاکیی نموونەکان بۆ ئاسمان هەڵدەفڕێنرێن و تایبەتمەندییە ڕۆحییەکان پێوار دەبن. یەک: پیاو، پاشا، ڕاهیب، کەشیش، نەتەوە و هتد... چەمکە تایبەتەکانی دیالێکتیکی لادەرن. ئەمە دژبەری سرووشتی سەرپاکی دیاردە و ئافرێنراوەکانە. لە سۆمەرییەکانەوە تا یۆنانییەکان، دیرۆکی دیالێکتیک پتر زارەکیی و بێژەییە، بەڵام لە سەردەمی فەلسەفەی نووسینەکیی یۆنانەوە، ئیتر دیالێکتیک پێ بۆ گۆڕەپانێکی زۆر جیاواز هەڵدێنێت. پیرۆزاندنی ئەقڵ و پاشا و فەیلەسووف و کەشیش تا ئەمڕۆش بەردەوامە. فەلسەفەی یەکێتیی بوونی دەسەڵاتگەرا ناوکی سەرپاکی ئەمانە پێک دێنێت. دەتوانین بێژین لە یۆنانەوە تا ئەمڕۆ بەپێی یەک ڕاستەهێڵی ستراتیژیی شرۆڤەی دیالێکتیک دەکرێت و تێکڕای چەشنە ئایدیاڵیستیی و ماتریاڵیستییەکانی دیالێکتیک لەسەر تەوەرەی نەفی و نەفی نەفی

هەڵدەخولێن، گەرچی تەنیا یەک هەڵاوێردە لە تیۆری هیگڵدا دەبینرێتەوە و دیالێکتیک بە شێوەیەکی راست پێناسە کراوە، بەڵام بە گشتیی لە ژێر پاڵتۆی فەلسەفەی هیگڵدا هەمان لۆژیکی نەفیی داشاردراوە و ئەمە دیالێکتیک تووشی کێماسیی دەکات، ئەویش بەردەوامیی تێگەشتنی یەکخواز و یەکگەرا و تاکرەهەند و تەسکبینی زاڵی پیاو و پاشا و کەشیش و پێکۆلانەتریش دەوڵەت و پیرۆزاندنێتی. سەرپاکی ستراتیژی هیگڵ و پێناسەی ئەو بۆ دیالێکتیک، نەفی دیاردەکانە، ئاماژەکردنی بە دیاردەی دەوڵەت و ناپلیۆن وەک خوای سەر ڕووی زەمین و ڕاڤەکردنی، دیالێکتیکی نەفییە، کاتێک شەنوکەوی کاکڵەی دیالێکتیک دەکات، پێناسەکە کوانتەمییە، لێ کاتێک فەلسەفەی کۆمەڵناسیی و سیاسیی ڕەنگرێژ دەکات، خۆبەخۆ شرۆڤەکەی ڕەتدانەوەی دیالێکتیکە، ڕوانگەی پۆستمۆدێرنەکانیش هەرچەندێک ڕەتدانەوەی دیالێکتیک نییە، بەڵام لە فەلسەفەی سیاسیی و کۆمەڵناسییدا «ئاڵۆسکاندنی دیالێکتیک»ـە، جا ئاڵۆسکاندن و چەواشەی دیالێکتیک تاکە جیاوازیی نێوان ئەم ڕێبازە و ڕێبازەکانی پێشترە.

## سەرچاوە:

تبار آزادی، حسن قادرمرزی (رامین گارا)، مرکز نشر آزادی، چاپخانه آزادی ۱۳۹۵/۲۰۱٦

★★★

# Freedom of society

intellectual, political, social & seasonal magazine

مـجلة حـرية المجتمع،


## لەم شوێنانە بەردەستە

**ناوەندی سلێمانی** (کتێبخانەی سلێمانی سەروو چاخانەی شەعب-کتێبخانەی ڕەهەند جادەی مەولەوی-کۆشکی سەرا بەردەرکی سەرا-کتێبخانەی گۆران بەردەرکی سەرا-کۆشکی ڕێبین بەردەرکی سەرا-کتێبفرۆشی کۆژین بەردەرکی سەرا-کتێبفرۆشی سەلمان بەردەرکی سەرا-کۆشکی مەلاموحسین تەنیشت ڕەشە مۆڵ-کۆشکی سەرچنار ناو بازاڕی سەرچنار-کتێبخانەی ڕۆمان تەلاری سیروانی نوێ-کتێبخانەی وشە جادەی مەولەوی). **قەزاو ناحیەکانی سلێمانی** (ڕانیە-کتێبخانەی ئەحمەد کۆی-قەڵادزێ-کتێبخانەی ژین-چوارقورنە-کتێبخانەی ڕەهەند-کۆیە-کتێبخانەی هەژار-کۆیە-کتێبخانەی دیاری-کۆیە-کتێبخانەی باواجی-چەمچەماڵ- چاپەمەنی و پەڕاوگەی تنۆک-دەربەندیخان-کتێبخانەی ڕەسەن-کەلار-کتێبخانەی شار). **پارێزگای هەڵەبجە** (هەڵەبجەی شەهید-کتێبخانەی هەژار موکریانی- هەڵەبجەی شەهید-پەڕاوگەی شادی-سەید سادق-کتێبخانەی بێخود). **کەرکووک** (ناوەندی ڕۆشنبیری و هونەری دیالۆگ جادەی کۆماری). **هەولێر** (کتێبخانەی ئاشتی داون تاون نهۆمی دووەم-کۆشکی ئاشتی شێخەلا-کۆشکی میدیا (بەهجەت) بەرانبەر داون تاون-کۆشکی نیشتمان بەرانبەر داون تاون-کۆشکی باخی شار پارکی شار تەنیشت سەعاتە گەورەکەی ناو بازاڕ-کۆشکی سیروان تەنیش چاخانەی مچکۆ-کتێبخانەی سۆران بازاڕی ڕۆشنبیری-کتێبخانەی مەحوی بازاڕی ڕۆشنبیری-کتێبخانەی کاک شێخ پشت پارێزگا-کتێبخانەی مەموزین بازاڕی داون تاون نهۆمی دووەم-کتێبخانەی ئەمازۆن ڕێگەی کەرکووک-کتێبخانەی هەڤاڵ بووک بەرانبەر سوپەرمارکێتی ئایە نێوان ٦٠ مەتری ٤٠م). **دەرەوەی شار** (کتێبخانەی هاوژین لە هەریر-کتێبخانەی مێخەک لە سۆران-کتێبخانەی شێرکۆ لە ڕواندز). **دهۆک** (کتێبخانەی نۆرسین).

www.KOMELGE.com